




## دەستە جلەکان جوانییەکی کراوە بە خانمان دەبەخشن

مۆدە جوان و ناسکەکانی جلوبەرگ، خانمان سەرسوڕمان دەکات لەوەی کام مۆدە لەگەڵ جەستەیان بگونجێت، بەمەش دەبێ خانمان جوانترین مۆدەکان هەڵبژێرن تاوەکو بە ناسکترین شێواز دەربکەون، باشترین ڕێگاش بۆ ئەمە هەڵبژاردنی دەستەجلەکانە، ئەوانەی بە کۆمەڵ لەگەڵ یەکتردا دانراون، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە وەك مۆدەیەکی پێکهاتوو، تەنانەت گونجاندنیش لە نێوانیان دروست بێ ئەو کاتەی بەیەکەوە دەپۆشرێن. مۆدەکان هەر چەندە لە شێواز و ستایلەکان لە یەکتر نزیك بن، شێوازێکی رازاوەتر





بە جەستەی خانمان دەبەخشن، ئەمەش پابەندە بەو ڕێکخستنەی نێوان جلوبەرگ و ئێکسسوارەکانی دەستە جلەکاندا هەیە، بۆیە دەبێ خانمان ئاشناییان لەگەڵ گشت ستایلەکاندا هەبێ، لەلایەکی دیکەش شێوازێکی بەرچاو و کاریگەریان هەبێ، بۆ ئەوەی هەر کەرەستە و ئێکسسوارێك جوانییەکی تایبەتی خۆی هەبێ.



## ماکیاژی نەرم بۆ رووخسار ش





ماکیاژە سادە و نەرمەکان دەبێتە یەکێك لە شایستەترین مۆدەکانی ماکیاژی رووخسارەکان، بەمەش دەتوانین وەك ڕێگەیەك سوود وەربگرین لە جوانکاری رووخسار، هەروەها هەڵبژاردنی ماکیاژێکی کراوە و نەرم بۆ گشت دەم و چاو، لەم ڕێگەیەدا دەتوانین شێوازی ماکیاژی رووخسار بە جوانترین ڕێگە ئامادە بکەین. ئەم جۆرە ماکیاژە ڕێگەیەکی نەرم نیشان دەدات، بۆ ئەوەی خانمان سوودی لێوە وەربگرن و ماکیاژێکی تایبەتی بۆ بکەن.

دەتوانین بگەین بە شێوازی ماکیاژی نەرم، ئەمەش کاتێك رەنگی سەرەکی لەگەڵ رەنگێکی تایبەت و جوان تێکەڵ

## جەنتاش ستایلی خانمان دەگۆڕێ



مۆدە نوێیەکانی جەنتا جوانییەکی تایبەتی بە خانمان دەبەخشن، جەنتای دەستی خانمان، یەکێکە لە کەرەستە ناسك و جوانەکان، بەهۆی ئەو کەرەستییەوە خانمان جوانتر و رازاوەتر دەردەکەون. لەگەڵ بوونی چەندین مۆدەکانی جەنتای خانمان، ئەمەش وادەکات کە کەرەستەکان بە جوانترین شێواز لەگەڵ جلوبەرگ و ستایلی خانمان بگونجێن، بەمەش دەتوانین سوود لە جەنتاکان وەربگرین بۆ ئەوەی وەك مۆدەیەکی تایبەت و جوان لە دەستی خانمان بێت. جەنتا شێوەی چوارگۆشە و بچووکەکان دەبێتە مۆدەیەکی تازە بۆ جەنتاکانی دەستی خانمان.



## ـــیاوترین ماکیاژە



دەکرێـــن، هەروەها بۆ بەکارهێنانی ڕەنگی پشـــت چـــاوەکان دەکـــرێ ڕەنگەکانی : ڕەش و پەمەیی — ڕەش و وەنەوشـــەیی، بەکاربهێنین، هەروەها بۆ ڕەنگی لێو دەبێ ڕەنگی پەمەیی تـــۆخ بەکاربهێنرێ، بەم جۆرە دەگەین بـــە ئەنجامی ماکیاژێکی نەرم و جوان.





# کورسی و مێزە کریستالییەکان بۆ دیکۆری ماڵەوە



دیکۆرەکانی ماڵ دەبێ بـــە ڕێگەیەکی جوان و ڕازاوە دابنرێن، بە جۆرێك لەگەڵ شـــێواز و ســـتایلی ماڵەکەدا بگونجێـــت. لە هەندێك کاتدا دیکۆرەکان دیمەنێکی کراوە دەبەخشن، بەڵام دەتوانین گۆڕانکاری بەسەر شێوازەکانیان دابهێنین. وەك گۆڕینی ســـتایلی کەرەستەکانی ماڵ لە جۆرێکەوە بۆ جۆرێکی دیکە. یەکێك لە کەرەستە گرنگـــەکان بریتییە لە کورســـی و مێـــزی ماڵ، بەهـــۆی ئەوەی لـــە ماڵەکانـــدا پانتاییەکی تەواو دادەگـــرن، بۆیە دەکرێ دیمەنێکی ســـەرنجڕاکێش و جوانـــی هەبێ، یەکێك لـــە جوانتریـــن مۆدەکانی کورســـی و مێـــزەکان، بریتییە لە مـــۆدەی کریســـتاڵ، یـــان مێز و کورسی لە شووشە، ئەمەش دەبێتە جوانترین دیکۆری ماڵەوە.





# مۆدەی قژی تەسریحەی بەستراو بۆ خانمان

**شەرمین - ساڵۆن ستۆکۆڵم**

بۆ تەسریحەی قژ، دەکرێ جارێکی دیکەش ســـوود لە مۆدە کۆنـــەکان وەربگرین و لەگەڵ مۆدەی تازە بیگونجێنین، تا جوانی و ڕازاوەییەك لە تەســـریحەکانی قژ بـــەدی بکرێ. یەکێك لە مۆدە جوانەکان بریتییە لە مۆدەی قژی سەرحی بەســـتراو و لەناویەکدا، ئەم مۆدەیە وەك یەکێك لە مـــۆدە ســـەردەمییەکان دادەنـــرێ و دەبێتە مـــۆدەی تەســـریحەی زۆربەی خانمـــە بووکـــەکان. مـــۆدەی تەسریحەی ســـەرح و لە دواوە هەڵگیراو، بـــە یەکێك لە مۆدە ناســـکەکان دادەنرێ، تەنانەت جوانییەکی گەورە و شایســـتە بە قـــژی خانمان دەدات، بۆیە دەکرێ خانمانی بووك ســـوود لـــەم تەســـریحەیە وەربگرن

بۆ ئـــەوەی بە مۆدەیەکـــی تازە و سەرحێکی ناســـك، قژەکانیان ئامادە بکەن بـــۆ ڕۆژی ئاهەنگ یان بۆنە تایبەتییـــەکان. چونکـــە وەك مۆدەیەکی ســـەرنجڕاکێش مامەڵەی لەگەڵـــدا دەکرێ و دەتوانرێ ببێتە یەکێك لـــە جوانترین مۆدەکانی تەسریحەی قژی خانمان. بە تایبەت کاتێك قژەکە بۆ لایەك پێـــچ دەکرێتەوە و بەمەش جوانییەکی ڕەها نیشان دەدات.





# (لەمیس)یش چووە کۆشکی بەختەوە



خانمە ئەکتەری تورکی (توبا باکیستۆن)، لەو زنجیرە کۆمەڵایەتییانەی کە لەم دواییە لە تورکیا بەرهەم هاتوون، رۆڵێکی سەرەکی گێڕاوە. زنجیرەکان ئەوەندە جێگای سەرنجن کە لە جیهاندا بۆ چەندین زمانی دیکە وەرگێڕدراون، یەکێك لەوانە زمانی کوردییە. رۆڵێکی گرنگی خاتوو (توبا باکیستۆن) رۆڵی (لەمیس و ئاسی)یە. دوای بوونی پەیوەندییەکی خۆشەویستی لەنێوان (توبا و سامی سەیدان) کە وێنەگرێکی سینەمایە، لە ئاهەنگێکی تایبەت و قەشەنگدا بوونە هاوسەری یەکتر. شایانی ئاماژە پێدانە (توبا باکیستۆن) پێشتر نمایشکاری جلوبەرگ بووە، دواتر بۆتە ئەکتەر لە بواری دراما و کارە تەلەفزیۆنییەکان. لە کوردستانیش ئەو خانمە ئەکتەرە جەماوەرێکی زۆری هەیە، بۆیە دەڵێین پیرۆزە!

## ئەمە باری هەڵگرە یان خیوەتە !

بارهەڵگرەکان دەبێ رێگەیەکی تەواو و یاسایی بگرنە بەر بۆ ئەوەی کەرەستەکانیان لە شوێنێك بۆ شوێنێکی دیکە بگوازنەوە، ئەمەش دەبێ کەرەستەی تایبەتی هەبێ بۆ ئەوەی کارەکان بەبێ گرفت بەڕێوە بچێت. جاری وا هەیە ئەوانەی ئەرکی بارهەڵگری بەڕێوە دەبەن، بۆ ئاسانکاری لەکارەکانیاندا هەندێك بیرۆکەی سەیر و سەرنجڕاکێشیان هەیە، بۆ نموونە ئەو وێنەیەی کە لێرەدا دەبینن.

لە وڵاتی ئەفغانستان شوفێرێك داروبارێکی زۆری لە تراکتۆرەکەی بارکردووە،، ئەوەی لە دوورەوە دەیبینێت وا دەزانێ خێوەتە. فێڵکردن لە یاسای هاتووچۆ ئاوا دەبێ.








## رایەخێکی دەستکرد (١٠٠) مەتر درێژە

هونەری کارە دەستییەکان، هەر لەسەرەتای دروستبوونی مرۆڤایەتییەوە سەریهەڵداوە، زۆر کەس بە پەنجە رەنگینەکانیان بەرهەمێکی نایاب دەنەخشێنن، زۆر جار مرۆڤ سەری لەوە سووڕ دەمێنێ کە ئەوە چۆن بە دەست ئەنجامدراوە. بۆ نموونە ئەم رایەخە کە لە هیندستان دروستکراوە و بەیەکێك لە درێژین رایەخەکان دادەندرێت.

بۆ بەرهەمهێنانی ئەم رایەخە نزیکەی (٥٠)کەس بەشداریان تیایدا کردووە، بۆ ئەوەی بە زووترین کات رایەخەکە دروست بکرێ. شایانی ئاماژەدانە ئەو رایەخە بە ٣ مانگ تەواو بووە. درێژی رایەخەکە دەگاتە (١٠٠) مەتر. گشت نەخشێکی ئەو رایەخە بە دەست دروست کراوە، رایەخەکە بە یەکێك لە درێژترین رایەخەکان جیهانی دادەنرێت.



# زاوا لە وڵاتی مالی

ڕۆژی بووك گواستنەوە، لە هەموو وڵاتێکی جیهاندا بۆنەی تایبەت بەخۆی هەیە، هەر نەتەوەیەك بەپێی کولتووری تایبەتی خۆی ئەم بۆنەیە بەڕێوە دەبات. بەڵام لە نێوان زۆربەی گەلانی جیهاندا، زیاتر بووك خۆی دەرازێنێتەوە، هەرچەندە زاواش دیهەوێ بە جلوبەرگی تایبەت بەم ڕۆژە سەرنجی دەوروبەر بۆلای خۆی ڕاکێشێ. لە وڵاتی "مالی" بۆ ئەم ڕۆژە نەریتێکی سەیریان هەیە، کاتێك پیاوێك دەبێتە زاوا، بەم جۆرە ڕووخساری خۆی دەرازێنێتەوە. بە جۆرێك ڕووخساری دەگۆڕێ کە نزیکترین کەسەکانیشی نایناسنەوە. ئەگەر لە ڕۆژێکی وادا ئەوە نەکات ئەدی چ بکات.



# پیرێکی کەم تەمەن

نەخۆشییەکی دەگمەن هەیە کە لە سەد ملیۆن کەس تەنیا یەك کەس تووشی دەبێ، نەخۆشییەکە لەناو جینییەکاندا ڕوو دەدات، بە جۆرێك خانەی جینەکان دەگۆڕدرێن کە منداڵێکی کەم تەمەن وەك مرۆڤێکی بەتەمەن دەردەکەوێ.

ئەوەی لەو وێنەیەدا دەیبینن منداڵێکە کە تەمەنی (١٢) ساڵ دەبێ، بەهۆی تووشبوونی بەو نەخۆشییە دەگمەنە، شێوەی لە پیاوێکی پیر دەچێت! تاکو ئێستا پسپۆڕانی بواری پزیشکی نەیانتوانیوە چارەسەرێك بۆ ئەم نەخۆشییە بدۆزنەوە.







# نمایشی فیل و کچێکی خنجیلانە

بۆ ئەوەی خەڵکێکی زۆر بۆ لای خۆیان ڕابکێشن، نمایشە سەیرەکان بە چەندین ڕێگە و جۆرەها شێواز ئامادە و پێشکەش دەکرێن. یەکێك لە نمایشە سەرنجڕاکێشەکان، بریتییە لە هاوڕێیەتی نێوان فیل و ئەو کچە خنجیلانەیەی کە لە وێنەکەدا دیارە. ئەم دووانە لە وڵاتی ئوسترالیا چەند ساڵێکە پێکەوە کاری نمایش ئەنجام دەدەن. یەکێك لە دیمەنەکانی نمایشەکە ئەوەیە کە کچەکە خۆی درێژ دەکات و فیلەکەش بەسەر پشتیدا تێپەڕ دەبێ، بەبێ ئەوەی هیچی بەسەر بێ. هاوڕێتی نێوان ئەو کچ و فیلە وایکردووە، کە فیلەکە ئازاری کچە بچووکەکە نەدات و وەك هاوڕێیەکی سێرك سەیری بکات.



# ئەوە منداڵە بـــۆ خواردنە

دروستکردنی کێك و رازاندنەوەی کێك وەك هونەرێکی گرنگ سەیر دەکرێ، لە رۆژانـــی لەدایکبوون و رۆژە تایبەتییەکانی دیکـــە، کێکە رازاوەکان، ســـەرنجی گشـــت لایەك بۆ لای خۆیان رادەکێشـــن. جاری وا هەیە لە هونەری دروستکردنی کێکدا دەست رەنگینییەکی زۆر دەبیندرێ، وەك ئەو کێکەی کە لە وڵاتی بولگاریا هونەرمەندانە لە شـــێوەی منداڵێکی بچووك دروســـتکراوە. کێکەکە لەلایەن چەندین کەسێکی شـــارەزای دروستکردنی کێك و چەند پەیکەرتاشـــێك هاتۆتە بەرهـــەم. هەرچەندە دوای ئەو هەموو ماندووبوونە ئەو منداڵە پارچە پارچە دەکرێت و نۆشی گیان دەکرێت.

# پایسکیلە شک



پایسکیل یەکێکە لە ئامێرە گواستنەوەکانی جیهـــان کـــە مێـــژووی ئەو ئامێـــرە لە گشت ئامێرەکانی گواســـتنەوە کۆنترە. لەسەرەتای دروســـتکردنی ئەو ئامێرەوە تاکو ئێستا چەندین گۆڕانکاری بەســـەرداهاتووە، هەروەهـــا چەندین جۆری پایســـکیل هەیە. پایسکیل یەکێکە لەو ئامێرانـــەی کە نەتەنیا هیچ زیانێکی بۆ تەندروستی نییە، بگرە سوودیشی گەلێك زۆرە.





# مەیموون و مرۆڤ بێ یەک هەڵناکەن

جار هەیە لێك نزیکی و خووگرتنی مرۆڤ بـــە گیانلەبەرێك و هەروەهـــا پێچەوانەش بەجۆرێکە، کە هیچیان ناتوانن بەبێ ئەوی دی هەڵبکـــەن. گـــەر گیاندارێك لەگەڵ مرۆڤێك خوو بەیەکەوە بگرن، هاوڕێیەتییەکی سەیر لەنێوانیان دروست دەبێ. بۆ نموونە ئەو مەیموونەی کە ناوی "بێتسی"یە و لەگەڵ ئەو پیاوە چینییە دەژیت. ئەو دووانە ســـێ ساڵە پێکەوە دەژین.

بەردەوام مەیموونەکە خەریکی خزمەتکردنی ئەو پیاوەیە. بـــە زۆریش گرنگی بە پاکو خاوێنی پیاوەکە دەدات.




## کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

بـــۆ کۆتایی هێنـــان بەو گرفتانـــەی تۆیان خەمنـــاك کردووە دەبێت بیر لـــە دۆزینەوەی پلانێکی گونجاو بکەیتەوە، ئاگاداربە بەردەوام بوون لەسەر ئەم دۆخەی ئێستای ژیانت لەبەرژەوەندی تۆ دا نییە و بیر لە چارەسەری پێویست بکەوە.



## گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

پێویســـتیت بـــە ئارامی و پشـــوودان هەیە، هاوڕێکانت و کەســـە نزیکەکانت وا هەســـت ئەکـــەن لەبیرت کردوون وا باشـــترە هەواڵیان بپرســـی بۆ ئەوەی ئەو هەستەیان لا نەمێنێت. بەم نزیکانە ڕاستیەکی گرنگت بۆ ڕوون دەبێتەوە.




## دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

ماوەیەکە حەز دەکەیـــت زۆربەی کاتەکان بە تەنها بیت و ئارەزوو ئەوە دەکەی کە تێکەڵی خەڵك نەبیت، کارێك مەکە ببێتە هۆی ئەوەی نەتوانی وازی لێ بهێنی و دواتر پەشیمان ببیتەوە و بزانی هەڵەیەکی گەورەت کردووە.




## قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

هەفتەیەکی زۆر ئاسوودە چاوەڕوانت دەکات، لەڕووی سۆزدارییەوە خۆشـــترین ساتەکانی ژیانت بەسەر دەبەیت و ژیانت دەچێتە قۆناغێکی ترەوە. گەشتێك ئەنجام دەدەیت و دڵخۆش دەبیت.



## شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢

لەڕووی ســـۆزدارییەوە ڕەنگە پەیوەندی نێوان خۆت و خۆشەویســـتەکەت ئاڵۆزی بەخۆیەوە ببینێـــت و لەیەکتـــر دووربکەونەوە. ئێســـتا لەهەموو کاتێك زیاتر پێویســـتیت بە ئارامی هەیە و هەوڵ بدە کۆنترۆڵی خۆت لەدەست نەدەیت.



## گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

پێشـــبینی دەکرێت دەســـتکەوتی زۆر گەورە بەدەســـت بێنیـــت لـــەو پرۆژەیەدا کـــە تێیدا بەشـــداریت کردووە، ئەمە دەرگات بۆ دەکاتەوە کە بەشـــداری کاری تریش بکەیت و ئارەزووی سەرکەوتنت لا زیاتر دەبێت.

ئا/ هێمن قەسرەیی



# گەنجە دەرویشەکەی لای ئەوان

مرۆڤی وا هەیە بەهرەیەکی ئەوەندە سەیری هەیە و کاری وا سەرنج ڕاکێش دەکات کە هەموولایەك سەریان سوڕدەمێنێ. بۆ نموونە ئەو گەنجە کە لە وڵاتی ئوستڕاڵیا دەژی و ناوی (تشین هۆلگیترن)ە، توانای قوتدانی چەقۆی هەیە، دوای قوتدانیشی دەریدەهێنێتەوە. (تشین هۆلگیترن) زۆر وەك دەرویشی لای خۆمان دەچێت، لەبەرچاوی جەماوەرێکی زۆر توانی (١٨) چەقۆ لە قوڕگی خۆی بنێت و دواتریش دەریبهێنێتەوە، وەك لە وێنەکاندا دەبینن چۆن چەقۆیەکان لە دەمی دەچێتەوە خوارەوە، ئەو گەنجە بەو کارەی تووشی بچووکترین کارەسات نابێت.

# اوەکەش دەڕوات!



ئەوەی دەیبینن یەکێکە لە سەیرترین پایسکلەکانی جیهان، چونکە بەشی پێشەوەی بە جۆرێك دروست کراوە، وەك ئەوەی شکابێ، کەچی پایسکیلەکە هیچ گرفتێکی نییە، تەنیا بەو مەبەستە وا دروستکراوە کەتاکو بەئاسانی بە ڕێگادا بڕوات.



# ئەمە ئەسپە یان شێر

لە وڵاتی ئوستراليا جۆرە ئەسپێك هەیە کە ئەوەندە بچووکە لە دوورەوە هیچ کەس هەست بەوە ناکات کە ئەو گیاندارە ئەسپ بێت، چونکە زیاتر وەك گیاندارانی دیکە دەچێت. بەتایبەتی شێوەی وەکو شێرە. ئەوەی یەکەمجار ئەو گیاندارە دەبینێ سەری سوڕ دەمێنێ کە ئەوە ئەسپ بێت. ئەم ئەسپە بە یەکێك لە جۆرە دەگمەنەکانی ئەسپ لە جیهان دادەنرێت، هەرچەندە لێرەدا پرسیارێك دێتە پێش، ئایا ئەم ئەسپە بچووکە وەك ئەسپی دیکە جەستەی بەهێزە و دەتوانێ بەو خێراییە رابکات؟!

**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

ئاگاداری هەندێك کەس بە لەدەوروبەری خۆت، وا خۆیان دەنوێنن کە هاوخەمی تۆن کەچی لەبەرامبەردا هەوڵ ئەدەن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان هەموو شتێك بکەن و زیانت پێ بگەیێنن.

**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

ئەگەر بەدوای پکاتێکی گونجاو دەگەڕێ بۆ دەستنیشانکردنی هاوسۆزی ژیانت ئێستا لەهەموو ڕوویەکەوە دەرگای بەخت کراوەیە، ئەگەر هەستێکت لەدڵ دایە بەرامبەر کەسێکی دیاریکراو پێی بڵێ و دوای مەخە بۆ کاتێکی تر.

**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

لەبۆنەیەکی کۆمەڵایەتیدا ئامادە دەبیت و ئەمەش دەبێتە هۆی بەهێزتر بوونی پەیوەندییەکانت لەهەمان کاتدا ڕەنگە کەسێك بناسیت کە بەشێکی زۆر لە یادگاریەکانی ژیانت داگیر دەکات و دەبێتە کەسێکی زۆر نزیك و خۆشەویستت.

**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

کەسانێك هەن حەزناکەن ئێوە بەم شێوەیەی ئێستا ژیانتان پڕ بێت لە ئاسوودەیی و بە هەموو شێوەیەك هەوڵ دەدەن لەو کامەرانیە دورتان بخەنەوە، ئەوەی لەسەر کەسانی خاوەنی ئەم بورجە پێویستە ئەوەیە کە بایەخ بە قسەکانیان نەدەن.

**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

ژیانی کۆمەڵایەتیت چەند کێشەیەکی بەخۆیەوە دەبینێت ئەمەش وات لێ دەکات هەست بە نائومێدییەکی زۆر بکەی، چاوەڕوانی چەند هەواڵێکی گرنگ و خۆش بە کە وادەکەن ڕۆژە ناخۆشەکانت لەبیر بچنەوە و دەرگای بەختت بە ڕوودا دەکرێتەوە.

**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

بریارێکی بوێرانە بدە بۆ جێبەجێکردنی ئەو بیرۆکەیەی دەمێکە بیر لەئەنجامدانی دەکەیتەوە، دوودڵ مەبە و دڵنیابە ئێستا کاتی ئەوەیە دەستی پێ بکەی، لەوانەیە لەسەرەتادا هەندێ گرفت بێنە ڕێگات بەڵام هەر زوو چارەسەریان دەکەیت.

رەنگاوڕەنگ



hemntoni@yahoo.com